جۆرەکانی وەرزشی ئاوی (انواع الرياضات المائية) (Types of Water Sport):

1- مەلەوانی (السباحة) (Swimming):

یەکێك لەبوارەکانی وەرزشی ئاویە کە ئاو وەك ناوەندێك بەکاردەهێندرێت بۆ جولەی قۆڵ و قاچ و کەمەر بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی توانا جەستەیی وزیهنی وکۆمەلایەتیەکانی تاك.

2- خۆ هەڵدانەکان (الغطس) (Diving):

ئەو چالاکیەیە کەجولەکانی لەدەروەی ئاوەوە دەست پێ دەکات بۆ ناو ئاو، وەجولەکانی هاوشێوەی جولەی جمناستیکە، لەگەڵ بوونی چەند جیاوازیەك لەشوێنی خۆ هەڵدانەکان کە بەرزیەکان لەنێوان (1م) بۆ (3م) دەبێت بۆ سەکۆ جولاوەکان وبەرزی (5م ،7.5م ،10م) بۆ سەکۆ جێگیرەکان، وەفراوانی مەلەوانگەی خۆ نقوم کردن (21م × 21م) وەقوڵیەکەی (5م - 5.5م) دەبێت، وەئەنجامدانی جولە جۆراوجۆرەکانی ئەم چالاکیە پێویستی بەکارامەیی زۆرو توانای جەستەیی بەرز هەیە، ئەنجامدانی جولەکانی بەندە بەبوونی هێزو نەرمی وشەنگی وهاوسەنگی وهەماهەنگی ماسولکەو دەمارەکان هەیە، سەرەڕای ئەوەش جێبەجێکردنی یاسا لەم چالاکیە پشتبەستە کرداری مەزندەکرنی ناوبژیوانەکان بەشێوەیەك کە پێچەوانە نەبێت لەگەڵ یاسا، یاریزانان لەهەڵبژاردنی جولەکان جیاوازن بەهۆی ئاڵۆزی جولەو زەحمەتی ڕێژەی مەترسی ئەنجامدانیان ورێزبەندی وپلەبەندی لەیاسای یاریەکە، ئاشکرایە بەدەستهێنانی ئەنجامی باش وبەرچاو لەم وەرزشە پێویستی بەمەشق و راهێنان بەردەوام وئارامگری وپشوو درێژی هەیە، وەرزشی خۆ نقوم کردن ئارەزووی هەموانە چونکە پەیوەندی هەیە بە مەلەوانیەوە وادەکات مەلەوان بەتایبەتی منداڵان ئازاو چاو نەترس بن .

3- تۆپی ئاوی (كرة الماء) (Water Polo):

یاریەکی بە کۆمەڵە لەنێوان دوو تیپ ئەنجام دەدرێ و یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە کەژمارەی یاریزانان وشێوەی یارکردن وجۆر وچۆنیەتی تۆپ ویاریگاکەو لایەنە یاساییەکانی تری ئەم یاریە دیاری دەکات، وەپێشبڕکێ وپاڵەوانیەتی ناوخۆی و نێودەوڵەتی و ئۆلۆمپی ئەم یاریە ڕێکدەخرێت، وەرزشوانی ئەم یارییە دەبێ لەهەموو جۆرەکانی مەلەوانی بەتەواوی شارەزا بێت لەبەر جۆراوجۆری جولەکانی لاشە لەکاتی یاریکردن وبەرەوپێش چوون بۆ نزیك بوونەوە لە گۆڵی تیپی بەرامبەر وبڕینی یاریزانان، یەکێکە لەیارییە بەهێزو زۆر توندەکان وپێویستی لەرادەبەردەری بە هێزو خێرایی وجوان مامەڵەکردن هەیە لەناو یاریگا، ئەو وڵاتانەی کەلەم یاریە زۆر پێشکەوتوون بریتین لە (مجر، روسیا، ئیتاڵیا ، یوغسلافیا، ئەڵمانیا) وڵاتی (مجر) بەقوتابخانەی نوێ هەژمار دەکرێ بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم یاریە ئەوەشی سەلماند بەسەرکەوتنی بەسەر وڵاتاندا لە ئۆلۆمپیاتی تۆکیو لە ساڵی (1964).

4- سەوڵ لێدان (التجديف) (Sculling):

بەیەکێك لەوەرزشە زۆر سوود بەخشەکان دادەندرێت بۆ جەستە کەبە تاك وبەکۆی ئەنجام دەدەرێ، لەهەمان کاتدا پشوو درێژی وهێزی زۆر دەبەخشێتە یاریزان وتەواوی لاشە لەیەك کاتدا جولە دەکەن، هەوای پاك وتیشکی ڕۆژ بۆ وەرزشوان فەراهەم دەکات و شودرێژی و ئارامی لە مرۆڤدا گەشە پێدەدات، توانای هاریکاری وهۆگری نێوان یاریزانان زیاتر دەکات لەبەر ئەوەی یاریزانەکان بەیەکەوە بەیەك تیم هەوڵدەدەن بۆ سەرکەوتن، ئەم وەرزشە لەکاناراوەکان ئەنجا دەدەرێ کە تێیدا ئاوەکان فراوان وئارام وکەم شەپۆلن کەشیاوە بۆ پێشبڕکێی ماوە درێژ، بەلەمی بەکارهاتووی جۆراوجۆری تێدا بەکاردێت کە هەم درێژیان هەم ژمارەی یاریزانانیان جیاوازە، ئەو ماوانەی بۆ پێشبڕکێی سەوڵ لێدان دیاری کراون بریتین لە :

- 1000م پیاوان وئافرەتان
- 1500م تازەپێگەیشتوانی هەردوو ڕەگەز
- 2000م نایابی پیاوان وئافرەتان)

5- بەلەمی چارۆکەدار (الشراع) (Sailing):

بەلەمی چارۆکەدار لەکۆنترین وەرزشەکانە کەمرۆڤ ئەنجامی دابێت، بریتیە لەهونەری زالبوونی بەلەم وئاراستەکردنی ڕێڕەوی بەلەمەکەو ڕێکخستنی خێرای وهاوسەنگیەکەی بەرامبەر بەهەواو شە پۆلەکانی ئاو، ئەم وەرزشە لەسەر ڕۆخی دەریاو دەریاچەکانی ئەروپاو ئەمریکای باکوور بلاوبویەوە بە بەکارهێنانی بەلەمی جۆراوجۆر بەچەندین تایبە تمەندی ویاساوە، لەبەر ئەوەی ئەو وەرزشە تێچویەکی زۆری هەیە بۆیە هەواداران وئە نجامدەرانی کەمن.

6- وەرزشی راوەماسی (صيد الاسماك) (Fishing):

وەرزشی راوەماسی لەچێژبەخشترین وەرزشەکانە کەتێیدا کات زۆر بەخێرایی گوزەر دەکا، وەمرۆڤیش فێری ئارامگری دەکات لەچاوەڕوانیدا، ئەم وەرزشە پێویستی بەخوێندنی زۆرو نیەو هەموو کەسێك دەتوانێ ئە نجامی بدات وەدوای ماوەیەك خۆی وەك ماسی گرێکی کارامە دەبینێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئاسانە بەلاّم پێویستی بەزیرەکی زۆر هەیە وتێچووی کەمەو چەند کەل وپەلێکی تایبەتی هەیە بەپێی بوارەکانی راوکردن وقوڵی ئاوەکەو جۆری ئەو ماسیەی راودەکرێت، لەهەمان کاتدا پێشبڕکێی ماسی گرتن بۆ وەرزشوانان ڕێکدەخرێ.

7- سەمای ئاوی (مەلەوانی ایقاعی، کاتی، هونەری، شێوەکاری) (البالية المائي (السباحة الايقاعية، التوقيتية، الفنية، التشكيلية)) (Rhythm Swimming):

وەرزشێکی تازەیە تایبەت بەئافرەتانە ولەسەرەتای سەدەی نۆزدە وبەدیاری کراوی لەساڵی (1892) لەئینگلتەرا سەری هەڵدا، دواتر گەیشتە ئەلمانیا وبەلجیکا وهۆلەندا وفەرەنسا، ئەو وەرزشە لەسەر شێوەی تاك یا کۆمەڵ ئە نجام دەدرێت بەهەماهەنگی لەگەڵ مۆسیقا، جولەو دەربڕینە جەستەیەکانی هاوشێوەی جولەی یاری سەمای بالێیە، پێویستە یاریزانی ئەم وەرزشە ڕێگاکانی مەلەوانی زۆر بەباشی بزانێت، ئەم وەرزشە پاڵەوانیەتی و یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، وەرزشێکە تەندروستی و هێزو پشودرێژیەکی باش بەیاریزانەکان دەبەخشێت ویاریزنانەکانی هەست بەجوانی ئەم وەرزشە دەکەن، لەتایبە تمەندیەکانی ئەوەیە تا تەمەنێکی زۆر یاریزان دەتوانێ بەردەوام بێت لەسەری.

8- مەلەوانی ژێر ئاو (السباحة تحت الماء) (Under Water Swim):

ئەم جۆرەیان گرینگیەکی زۆری هەیە بۆ وێنەگران وزەویناسان وماسی گران سەرەڕای گرنگی لەبواری توێژینەوەی قوڵای ئاوەکان و واری سەربازی وژینگە ناسی، هەروەها رۆڵی هەیە لەگەڕان بەدواه وونبووەکان وچاکردنەوەی پاپۆڕو وتوێژینەوە زانستیەکان، کەرەستەی تایبەتی هەناسەدان وخۆپاراستنی بۆ دابین کراوە بۆ پارساتنی کەسەکە لە پاڵە پەستۆی ئاو، ئەو وەرزشە پێویستی بەتوانایەکی زۆرو هێزی ماسولکەکان وپشودرێژی هەیە، وەمەرجە ئەو کەسەی ئەم وەرزشە ئە نجام دەدات مەلەوانێکی زۆر باش بێت وبەرگەی پاڵە پستۆی ئاو بگرێت و بینایی سەلامەت بێت لەبەر لێڵی و تاریکی قوڵای ئاو.

9- خلیسکان لەسەر ئاو (سەرکەوتنی شە پۆلەکان) (الانزلاق على الماء (ركوب الامواج)) (Sur Fing):

ئەم وەرزشە لەئەوروپا سەری هەڵداو بۆتە یەکێك لەوەرزشە جەماوەریە بەرفراوانەکان لەسەرتاپای جیهان، وەوەرزشی خلیسکان لەسەر ئاو هاوشێوەی خزینە لەسەر بەفرە وەئەو وەرزشە لەسەر کەناراوەکان ئە نجام دەدرێت بەتایبەتی کاناراوەکانی (ریفیرا) لەباشوری فەرنسا بەهۆی ئارامی ئاوەکەی ورۆژە پڕشنگدارەکەی وکەش وهەوا گونجاوەکەی، وەرزشێکە کەچاونەترسی بەوەرزشوان دەدات و تێچوشی کەمە.

10- رزگارکردن (الانقاذ) (Saving):

وەرزشوانی وەرزشەکانی ئاوی پێویستە شارەزایی هەبێت لەچۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە دێنە ڕێی لە ئە نجامی مەلەکردن لە مەلەوانگەو دەریاو دەریاچەکان، وەشارەزا بێت لەخێرا بەدەمەوەچوونی ئەو کەسانە توشی خنکان دەبن، ئەوش بەوەی کەشارەزا بێت لەهۆکارەکانی نقوم بوون وخنکان وشێواز وڕێگاکانی رزگارکردن وچارەسەری خێرای رزگارکراوەکە.